# بۆشەهیدی سەرکردە د.قاسملو

عەزیز بەرزنجی
Düsseldorf

ئەی دایکانی ڕەش پۆش کراوم
ئەی وڵاتە داگیر کراوەکەم
ئەی گوڵاڵە سورەو نێرگزی بەلوغم چێنراوم
ئەی شاخوو دۆڵی ڕەش پۆشراوم
ئەی شەهیدان هەستنە سەرپێ
واسەرکردەیەکی ئەم سەدەیە, دێتە دیدارتان
ساتێک لەگەڵتاندا دەدوێت.
ئەی کەڵە پیاوی کورد قاسملو بزانە هەموو شاخوو
دۆڵی کوردستانم لەم یادەت دا بەرگی ماتەمینی
پۆشیەوە بۆتۆی ماندو نەناس ئەی سەروەرم
ئەی ئەستێرە گەشاوەکەی شەوی غوربەتم
ئەی سەروەرم سەیرکە وا دایکانی جەرگ
سوتاویی وڵاتم لەتاو شەهید بوونی تۆدا
هەموو فرمێسکی گیریانیان دەکەنە خەڵاتی تۆ
ئەی قاسملو ئەی ئەو کەسەی کوردت ناساندە جیهان
سەیرکە سەروەرم گوڵاڵە سورەکان لە خوێنی تۆدا
سور داگەڕاوە, بزانە نێرگزی چیاو دۆڵی کوردستانم
بۆنی ماندو بونی ڕێگاکەتە دەیکەیتە دیاری شەهیدانم
ئەی سەروەرم چی وەسفێکی تۆبکەم وەک دەریایەک کۆتایی نایەت
ئەی سەر وەرم چاوەڕێ بووم ئەم بەهارەم بەخۆشی ببەمە
سەر وەک گەلان بەڵام نەم زانی بەهاری ماتەمینی
دێت,جارێکی کە چاوانمان فرمێسک ڕژێن دەبێت
ئەی سەر وەرم نەم زانی دەریا کانی ئەوروپا خوێنی
تۆی دەڕژێتە ناو, ئەی سەروەرم وا ئەم

ساڵیش یادی تۆیەو خۆشەویستی تۆ لەخۆ دەگرین
وادیسانەوە سوێندی تۆ دوو بارە دەکەینەوە
هەموو بەیەک دەنگ دەڵێن نەسرەوتن تاسەرکەوتن